www.kurdistannet.org
28-1-2007 23:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سڵاو،

نامەیەک لە هونەرمەند نیاز شەیداوە: بۆ سەرجەم تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان.

سەروەران پاش سڵاوم بۆ یەک بەیەکی هەموولایەکتان، حەزم کرد ڕوونکردنەوەیەک بدەم.
من وەک گۆرانی بێژێ لەلایەن کۆمیتەی فینلەندەوە بانگهێشت کراوم، بۆ بەڕێوەبردنی جەژنی ڕێبەندان و یادی 61 ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان. نەک لەلایەن کەسێکی تایبەتەوە، بۆ ئەوەی گۆرانی بەسەر مامۆستا (عەبدوڵای حەسەن زادە) دا بڵێم.
ئەوە دووپات دەکەمەوە من لەلایەن هیچ کەسێکەوە پێم ڕانەگەیەندراوە گۆرانی بۆ مامۆستا بڵێم بەڵکو خۆم بە ڕەزامەندی خۆم گۆرانیم گوتووەو تەنها تەنها بەسەر مامۆستاشدا نەم گوتووە بەڵکو بەسەرجەم تێکۆشەر و ڕابەرەکانی کورددا گوتوومە.
بۆ نمونە گۆرانی موبارەک موبارەکبێ یەکگرتن شاهیدی ئەم ڕاستحاڵیەم بۆ دەدات. کە بەسەر سەرجەم تێکۆشەران و قارەمانانی گەلەکەماندا گوتوومە.
ئامادەیشیم تێدایە، هەرکەسێک بۆ تەنها ڕۆژێک پێشمەرگە بووبێت و تێکۆشەر بوبێت، بۆ ڕزگاری کوردستان، من ئامادەم لە گۆرانی و هۆنراوەکانمدا یادی بەرز ڕاگرم و ناوی بەسەر بکەمەوە، چونکە من خۆم بە هونەرمەندێکی هەرچوار پارچەی کوردستان دەزانم و ئامادەم لە خۆشی و شادی و هەموو بۆنەو جەژنەکانی هەموو حزب و پارتەکاندا بەشداربم بە شانازییەوە. هیواشم ڕزگار بونی کورستان و ئازادی سەرتاسەری کوردستانە.
لەگەڵ ڕێزم،
نیاز شەیدا. . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.